# ستراتیژیی تورکیا لە سووریا و عێراق لەپاش هێرشی هێزکانی ئەحمەد شەرع بۆ سەر هێزەکانی هەسەدە

موەفەق عادل عومەر، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

سووریا دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد چەندان ڕووداوی گرنگی بەخۆیەوە بینی و ژمارەیەکی زۆری پەیامی ستراتیژیی بۆ سەرجەم هێزە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ناردووە، گرنگترینیان: ئاماژەکانی گۆڕانی هاوکێشە سیاسی و ستراتیژییەکەی ناوچەکەیە و دەستپێکردنی قۆناغێکی جیاوازتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد بە قۆناغەکانی ڕابردوو، وا پێ دەچێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قۆناغی ئێستادا لەگەڵ ئەوەدا نەبێت لامەرکەزییەت لە سووریا پەیڕەو بکرێت و زیاتر جەخت لە سووریایەکی یەکگرتوو دەکات. کورد بێ گومان فاکتەرێکی گرنگە لە سووریا بەڵام پێشبینی دەکرێت لە گۆڕانکارییە نوێیەکاندا ئەو ڕۆڵەی پێ نادرێت کە پێشتر پێی درابوو.

لە لایەکی دیکەوە گەیاندنی کەسانێکی وەکوو ئەحمەد ئەلشەرع (ئەبو موحەمەد جۆلانی) بۆ دەسەڵات، خۆی لە خۆیدا پەیامە ترسناکەکەی واشنتۆنمان بۆ دەردەخات، کە لەمەوبەدوا ئەوەی گرنگە بۆ ئەمریکا بەرژەوەندییەکانیەتی؛ واتا بەهاکانی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسی لە کار و ئامانجەکانی واشنتۆن نییە. ئەم هەڵویستەی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر ستراتیژییەتی تورکیا لە سووریا و عێراق، بەتایبەت دوای دەستپێکردنی هێرشەکانی سوپای عەرەبیی سووری بۆ سەر ڕۆژاڤا.

ئەمریکا و وڵاتە هەرێمییەکان و وڵاتانی ئەورووپی بەگشتی بێدەنگییان هەڵبژارد بەرامبەر ئەم هێرشانەی هێزەکانی شەرع بۆ سەر ڕۆژاڤا، جگە لە هەندێك لێدوانی شەرمنانەی هەندێك وڵات؛ ئەمەیش بووە هۆی نیگەرانیی کورد لە ناوچەکەدا.

لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ستراتیژییەتی تورکیا دوای هێرشەکانی سوپای سووریای عەرەبی بۆ سەر ڕۆژاڤا لە سووریا و، لێکەوتەی ئەم پێشهاتانە دەخەینە ڕوو.

**لە ئێستادا ستراتیژیی تورکیا لەپاش ئەم هێرشانەی سوپای عەرەبەی سووریا پێشبینی دەکرێت چی بێت؟**

تورکیا هەر لەگەڵ تێکچوونی باری ئەمنیی سووریا لە ساڵی 2011وە، هەوڵی داوە و کاری بۆ ئەوە کردووە کە ڕێگە نەدات کورد بە پاڵپشتیی پەکەکە ببێتە خاوەن پێگەیەکی ستراتیژی و دیفاکتۆ. هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەم سیاسەت و ستراتیژییەتەی تورکیا ئێستایش بەردەوامە و، ئەنقەرە نایەوێت بە هیچ شێوەیەك قەوارەیەکی کوردیی سەربەرخۆ لە ڕۆژاڤا سەر هەڵبدات. ئەم هەڵوێست و سیاسەتەی تورکیا دوای دەستپێکردنی هێرشەکانی سوپای سووریای عەرەبی بۆ سەر ڕۆژاڤا درێژەی هەیە و، دەکرێت ئەمە بڵێین کە تورکیا دەیەوێ کێشەی "هەسەدە" لە ڕێگەی حکوومەتی نوێی سووریاوە چارەسەر بکرێت؛ چارەسەریش بە تێڕوانینی ئەنقەرە بریتییە لە کۆتاییهێنان بە هەسەدە و تێکەڵکردنی ئەندامانی هەسەدە لەگەڵ سوپای سووریای عەرەبی. لەپاڵ ئەمەیش ئەنقەرە درێژە بە پاراستنی ئامرازەکانی گوشاری تورکیا لە سووریا دەدات لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. ئەنقەرە بەردەوامە لە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی سیاسی و هەواڵگری بە حکوومەتی نوێی سووریا.
2. پاڵپشتیی مەرجدار بۆ بابەتی ئاگربەست و تێکەڵکردنی ئەندامانی هەسەدە لەگەڵ سوپای دەوڵەتو، کار بۆ کۆتاییهێنان دەکات بە سەرجەم هەیکەلییەت و ڕێکخراو و شێوە کە پەیوەندیی بە پەکەکەوە هەیە.
3. تورکیا کار بۆ هێشتنەوەی هێزی سەربازیی خۆی دەدات لە باکووری سووریا و تۆڕی بریکارەکانی لەم وڵاتەدا، تەنانەت گەر ئەم گرووپانە بکرێنە بەشێکیش لە هەیکەلییەتی دەوڵەتی سووریا.
4. پاراستنی مافی "بژاردەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی"لە ڕێگەی "هێزە ئاسمانییەکان و ئۆپەراسیۆنە سنووربەزێنەکانەوە" بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە بە حکوومەتی تورکیا دراوە.

ئەم هەنگاو و ستراتیژییەی تورکیا لەگەڵ پێشهاتەکانی سووریا هاوتەریبە، چونکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، هەندێک پێشهات ڕوویان داوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاراستەکردنی سیاسەت و ستراتیژیی تورکیا لە سووریا، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕاگەیەنراوێکی فەرمیدا بە بۆنەی واژووکردنی ڕێککەوتنی ئاگربەس لە ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٦، ڕای گەیاند کە ڕووداوەکانی ماوەی نێوان ٨ی کانوونی یەکەم و مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٥، بۆتە هۆی دەستپێکی "قۆناغێکی نوێ" لە سووریا. ئەمەیش سیاسەتی ئەنقەرە دووپات دەکاتەوە لە سووریا کە بریتییە لە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی یەکێتیی خاکەکەی؛ تیرۆریش لە تێڕوانینی تورکیا بریتییە لە پەکەکە و گرووپە نزیکەکانی پەکەکە.

٢. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ پەرلەمانی تورکیا لەسەر داواکاریی سەرۆکایەتیی کۆمار، بۆ ماوەی سێ ساڵی تر بڕیاری درێژکردنەوەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیونە سەربازییەکانی سوپای تورکیای لە سووریا و عێراق دەرکرد. ئەمەیش هەوڵێکە بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی درێژخایەن ببەخشێتە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە دەرەوەی سنوورە جوگرافییەکانی خۆی و، ئەم هەنگاوەی ئەنقەرە ئاماژەیەکە کە تورکیا لە قۆناغەکانی داهاتوویشدا بیر لە بژاردەی سەربازی دەکاتەوە لە سووریا و عێراق؛ واتا بژاردەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی، بەکراوەیی جێ هێڵراوە.

٣. سەرۆککۆماری تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆغان" لە ١١ی شوباتی ٢٠٢٦ بۆچوون و تێڕوانینی ئەنقەرەی بۆ سووریای نوێ لە چەند وشەیەک کورت کردەوە و ڕای گەیاند "ئێمە زۆر گرنگی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی ١٨ و ٣٠ی کانوونی دووەم دەدەین لەسەر بنەمای سووریایەک کە تیایدا **یەک سوپا و یەک دەوڵەت و یەک سووریا** بەرقەرار بێت (Tek Ordu, Tek Devlet, Tek Suriye)." ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پەیامێکی گرنگی ئەنقەرەیە کە بە هیچ شێوەیەک بەوە ڕازی نابێت قەوارەی تر لە سووریای نوێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی سووریادا دروست بێت.

کەواتە بەکورتی ئەنقەرە ستراتیژییەتی خۆی لەسەر بنەمای "**یەک سوپا، یەک دەوڵەت، یەک سووریا**" دادەڕێژێت و، ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە گشت ئامرازەکان بخاتە گەڕ- بە بژاردەی دەستوەردانی سەربازییشەوە.

**ئەم سەرکەوتنانەی ئەحمەد شەرع چ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

سوپای عەرەبیی سووریا بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد شەرع لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٦وە دەستی بە جووڵەیەکی سەربازیی فراوان کرد بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی هەسەدەدا بوون لە ڕۆژاڤا. لە ئەنجامدا سوپای عەرەبیی سووریا توانیی ناوچەیەکی فراوان کۆنترۆڵ بکات و دەست بەسەر هەندێک ناوچە بگرێت کە بیرەکانی نەوت لەخۆ دەگرێت. دواتر تا ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەمیش توانیی ئەو ناوچانە گەمارۆ بدات کە لەژێر کۆنترۆڵی هەسەدەدا بوون. بەڵام لە ١٩ی کانوونی دووەم، شەرع ئاگربەستی ڕاگەیاند و داوای لەو هێزانەی هەسەدە کرد- کە گەمارۆ درابوون- پلانی تێکەڵبوون لەگەڵ دامودەزگەکانی سووریا قبووڵ بکەن.

ئەم هەنگاوەی شەرع لەلایەن واشنتۆنەوە پێشوازیی لێ کرا و داوای لە هەسەدە کرد پلانەکە قبووڵ بکات؛ چونکە واشنتۆن لە ڕێگەی "تۆم باراک"وە ڕای گەیاند "**کەوا دەرفەتێکی گەورەتر بۆ کورد لەژێر چەتری حکوومەتە نوێیەکەی شەرعدایە و ئامانجی سەرەکیی پاڵپشتیکردنی هەسەدە لەلایەن ئەمریکاوە وەک هێزێکی شەڕکەر، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوو، کەچی ئەمڕۆ ئەم مەترسییە تا ڕادەیەکی زۆر، نەماوە.**"

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتانە و دوای ئەوەی کە سوپای عەرەبیی سووریا توانیی تا ئاستێکی بەرچاو کۆنترۆڵی ڕۆژاڤا بکات، پێشبینی دەکرێت ئەم پێشهاتانە بەم شێوەیەی خوارەوە کاریگەریی هەبێت لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان:

١. ئەنقەرە دەیەوێ زیاتر هەسەدە لە سووریا لاواز بکات، بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتری بۆ بڕەخسێت تا گوشارەکانی بۆ سەر پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و عێراق زیاتر بکات. ئەم خاڵە زۆر بەڕوونی لەلایەن وەزیری دەرەوەی تورکیا "هاکان فیدان"ەوە خرایە ڕوو و لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا ڕای گەیاند "**دوای سووریا، نۆرەی عێراق دێت و دەبێت لەوێش کۆتایی بە پەکەکە بهێنرێت**." بێ گومان ئەوەیش بە مانای ئەوە نایەت کەوا سووریا فەرامۆش دەکرێت، بەڵکوو ئەنقەرە هەوڵ دەدات سوود لە داخستنی یاخود کەمتر خۆسەرقاڵکردنی بە بەرەیەک (سووریا) وەربگرێت و ئەو توانا و ئامرازانەی کە هەیەتی لە بەرەیەکی دیکە (عێراق و هەرێمی کوردستان) بەکار بهێنێت، کە چەندان ساڵە سەرقاڵ بووە پێی.

بۆیە پێشبینی دەکرێت لە دوای گەرەنتیکردنی لاوازبوونی ئەو مەترسییانەی کە لە سووریاوە سەرچاوە دەگرێت بۆ ئەنقەرە، قورسایی ململانێ و پێکدادانەکان بگوازرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

٢. سەرکەوتنی هێرشەکانی شەرع بۆ سەر ڕۆژاڤا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و بەغدا لە لایەک و، پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر لە لایەکی دیکەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر پێشهاتەکانی ئەم چەند ساڵە لەبەرچاو بگرین وەکوو: فراوانبوونی هەماهەنگیی نێوان ئەنقەرە و بەغدا لەسەر ئاستی ئەمنی/سیاسی، هەروەها بڕیاری حکوومەتی عێراق لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٤ کە تیایدا عێراق، پەکەکەی وەکوو ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناساند، لەگەڵ بوونی هەوڵ و ویست و ئارەزووی هاوبەش لەلایەن هەر دوو حکوومەتەکە بۆ فراوانترکردنی پەیوەندییە ئابووری و سەروەرییەکانیان، ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەنقەرە لە قۆناغەکانی داهاتوو کار بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا دەکات.

٣. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، پێشبینی دەکرێت ئەنقەرە لەسەر دوو ئاستی هاوتەریب مامەڵە لەگەڵ هەولێر بکات: یەکەمیان پەرەپێدانی ئەو هاوبەشییە ئابووری و لۆجستییەی کە لەنێوان ئەنقەرە و هەولێر هەیە، لە لایەکی دیکەوە چاوەڕوان دەکرێت تورکیا گوشارە ئەمنییەکانی لەو ناوچانە زیاد بکات کە ئەنقەرە بە ناوچەی هەستیار دەبینێت لە ڕووی بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان؛ چونکە بە شێوەیەکی گشتی تورکیا "ئامرازی ئەمنی" و "ئامرازە ئابوورییەکان" بەیەکەوە بەکار دەهێنێت. هەروەها پێویستە ئەمەیش لەبەرچاو بگیرێت کە تورکیا کار بۆ جێبەجێکردنی ڕێڕەوە ستراتیژییەکان دەکات کە گرنگترینیان "ڕێگەی گەشەپێدانە".

بەم شێوەیە هەرچەندە هەماهەنگیی ئابووری و سیاسی لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان زیاتر بێت، ئەوەندە هەرێمی کوردستان دەبێتە ناوچەیەک کە توانای هاوسەنگراگرتنی هاوکێشەکانی لەژێر کۆنترۆڵ دەبێت.

سەرەڕای پێشبینییەکانی سەرەوە، دەبێت ئەمەیش لەبەرچاو بگیرێت، لە ئەگەری دروستبوونی فاکتەرێکی گۆشاری لەناکاو لە ناوچەکە، بەتایبەت لە سووریا، لەوانەیە پلان و ستراتیژ و سیاسەتی تورکیا بگۆڕدرێت. ئەم فاکتەرە لەناکاوانە، دەکرێ دروستبوونی بۆشاییی ئەمنی بێت یاخود سەرلەنوێ سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بێت، چونکە تا ئێستا بە ڕێژەیەکی باش هەسەدە توانیویەتی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوەستێنێت. ئەگەر هەسەدە لاواز بێت لەوانەیە ژینگەیەکی گونجاو بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش دروست بێت یاخود بۆشاییەکی ئەمنی دروست بێت و ببێتە هۆی تێکچوونی سەقامگیریی ئەمنی لەو ناوچانەی کە تا ئێستا لەلایەن هەسەدەوە کۆنترۆڵ کرابوون- گواستنەوەی سەدان زیندانیی ئەندامانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە سووریاوە بۆ عێراق، دەکرێ لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

**ئایا هێزەکانی میلیشیا و توندڕەو و تەنانەت داعش لە سووریا ڕووبەڕووی ناکۆکی و پێکدادانی ناوخۆیی نابنەوە؟ ئایا تورکیا دەتوانێت ئەمە کۆنترۆڵ بکات؟**

هەسەدە تا ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، هێزێکی جێگەی متمانەی ئەمریکا بوو، بەتایبەت لە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد و گەیشتنی

ئەحمەد شەرع بە دەسەڵات، هاوکێشە ئەمنی، سەربازی، ئابووری، سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەکانیش گۆڕانکاریی بنەڕەتییان بەسەردا هات و لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییەیش، بەتایبەت هاوکێشە ئەمنییەکان، ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر هەندێک مەترسی کە لەوانەیە دووبارە ببنە هۆی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی و سیاسیی تەواوی سووریا. گرنگترین کێشە و گرفتیش بریتییە لە ئەگەری دروستبوونی بۆشاییی ئەمنی، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە پێشتر لەلایەن هەسەدەوە کۆنترۆڵ کرابوون. بێ گومان ناوچەکانی دیکەی سووریایش بەدەر نین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە. ئەگەر تەماشایەکی مێژووی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بکەین، جا چ ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بێت یاخود داعش، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهێزترین چەکیان سوودوەرگرتنە لە بۆشاییە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەکان. ئەمەیش مەترسیی سەرهەڵدانی هەندێک ڕێکخراو و گرووپ و میلیشیای چەکداریی لێ کەوتۆتەوە. لەبەر ئەمەیە یەکێک لە ئەگەر و سیناریۆکان لە سووریا، سەرهەڵدانی ململانێ و توندوتیژییە لەنێوان ئەم گرووپە توندڕەوانە.

بۆیە لە ئەگەری لاوازبوونی هەسەدە لە سووریا ئەگەرەکانی پێکدادان و جەنگی ناوخۆ زیاتر دەبێت، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. سەرەڕای چەندان تێبینی کە لەسەر هەسەدە هەیە و هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا باش بێت یان خراپ، ئەوە توانیبووی ڕۆڵی ئامێرێکی ڕێکخستن ببینێت، بۆ نموونە: چەندان خاڵی ئەمنی، تۆڕە هەواڵگرییە ناوخۆییەکان، بەگژداچوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە ئەستۆ بگرێت و لە هەمووان گرنکتر پاراستنی ئەو شوێنانەی کە دیلەکانی داعشی تێدا بوو و کەمپی کەسوکاری داعشەکانیش هەر لەلایەن ئەم هێزانەوە دەپارێزران.

لەم چوارچێوەیەدا لە ئەگەری لاوازبوونی ڕێکخستنەکانی هەسەدە، ئەوکات بە ئەگەرێکی زۆر سێ شت ڕوو دەدات: یەکەمیان، سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوان لایەن و هێزە ناوخۆییەکان لەسەر داهاتەکان، بەتایبەتی خاڵە سنوورییەکان. دووەمیان، زەقتربوونی ململانێ و کێشە و گرفتەکانی نێوان هۆزەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ؛ ئەوەی کۆتاییان بە مانای دووبارە زیندووبوونەوەی تۆڕەکانی قاچاخچێتییە. ئەمانە هەرسێکیان یارمەتیدەرێکی باشن بۆ نەمانی دەسەڵات و دروستبوونی بۆشاییی ئەمنی و زەقترکردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکان.

٢. هەروەک لەسەرەوەیش ئاماژەمان پێ کرد، ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و هاوشێوەکانی، بەردەوام سوودیان لە بۆشاییە ئەمنییەکان بینیوە، چونکە داعش پشت بە ستراتیژییەتی "ماندووکردن و بێهێزکردنی بەرامبەر (ئیستینزاف) لە ناوچە خۆڵەمێشییەکاندا"، لە کاتی دەرکەوتنی چەندان دەسەڵات و هێزی جیاواز و لاوازبوونی حکوومەت دەبەستێت. لەم سونگەیەوە بۆمان دەرکەوتووە کە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، لە سووریا هەوڵی هێرشکردنی داوە بۆ سەر دەسەڵات، بۆیە پێشبینی دەکرێت هەر لە ئێستاوە داعش ئەم قوناغەی بە "قۆناغێکی نوێ" دەبینێت بۆ ئەوەی دووبارە خۆی زیندوو بکاتەوە.

بێ گومان ئەم هەوڵە تازەیە و دەرکەوتنی داعش وەکوو ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٩) نییە، بەڵام ئەوەی هەیە بریتییە لە هەوڵەکانی تیرۆرکردن و دانانی کەمین و ئەنجامدانی هەندێک ئۆپەراسیۆنی جۆری، بەتایبەت لە کاتی سەرقاڵبوونی هێزە ناوخۆییەکان بە ململانێی نێوانیان.

٣. ململانێ و پێکدادانەکانی نێوان گرووپە نزیکەکانی تورکیا کێشەیەکی دیکەیە لەو ناوچانەی کە نفووزی تورکیا تیایدا باڵادەستە، چونکە چەندان جار لەم ناوچانە پێکدادان ڕووی داوە لەنێوان گرووپە نزیکەکانی ئەنقەرە پێش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، بەهۆی داهات و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە. ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە بەڕێوەبردنی تۆڕی گرووپە چەکدارەکان لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەی سەربازیی یەکگرتوو سەختر و قورسترە.

٤. بوونی ڕەوت و گرووپە ئیسلامییە جیاوازەکان، ئەگەرەکانی دابەشبوون و ململانێ زیاتر دەکات. تەنانەت ئەگەر هێزیکی دیکە کە پێشکەوتووتر بێت لە ڕووی ڕێکخستنەوە بەراورد بە هەسەدە دەرکەوێت، ئەوە ئەو کاتەیش مەترسیی دابەشبوون و ململانێ زیاترە لەنێوان ئەوانەی کە پراگماتیکن و کار بۆ شەرعییەتدان بە حوکمڕانی دەکەن و لەنێوان توندڕەوەکان، کە لەوانەیە هەندێک هەنگاو لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە تەنازول لە قەڵەم بدەن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا تورکیا تا ئێستایش نەیتوانیوە هەندێک لە هێزە ئیسلامییەکانی نزیکی خۆی بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکات و لە جیاتی کۆنترۆڵکردنێکی ڕاستەوخۆ، هەوڵی داوە بە ڕێبازی ئیحتواکردن (گرتنەخۆ) مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

لە ئەنجامدا دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە تورکیا بە شێوەیەکی ڕێژەیی توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکانی سووریای هەیە، چونکە فاکتەرە بەهێزەکانی ئەنقەرە زیاتر بریتین لە: "توانای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان (کە ئەمە قووڵاییی ستراتیژیی پێ دەبەخشێت)، "بوونی نفووز لەسەر هەندێک گرووپ و لایەنی سووری"، "توانای هەواڵگری و ئەنجامدانی هەندێک ئۆپەراسیۆنی ورد". ئەمانە خاڵە بەهێزەکانی تورکیان لە سووریا کە دەکرێ لە ڕێگەیەوە هەندێک جووڵەی سنووردار ببەخشێتە ئەنقەرە.

بەرامبەر ئەمە چەندان مەترسی هەیە کە ڕووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە لە سووریا، گرنگترینیان: "فرەیی ئەکتەرەکان و دژبەریی "بەریەککەوتنی" ئەجێنداکانیان"، "نەبوونی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو لە ناوچە ئاڵۆزەکاندا"، "کێشەی زیندانیانی داعش"، "لێکەوتەکانی شەڕی نێوان گرووپە چەکدارەکان". بەم شێوەیە دەتوانین ئەوە بڵێین کەوا تورکیا دەتوانێ تا ئاستێکی سنووردار ئیحتوای "گرتنەخۆی" بارودۆخەکانی سووریا بکات، ئەویش لە ڕێگەی سنوورەکانەوە و گوشاردروستکردن بۆ سەر هاوپەیمانان و ئەنجامدانی هەندێک ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری، بەڵام ئەنقەرە ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەها و تەواو و فراوان کۆنترۆڵی بارودۆخی سووریا بکات و ڕووداو پێشهاتەکان ئاراستە بکات.

## داهاتووی ململانێکانی ئیسرائیل و تورکیا لە سووریا چۆن پێشبینی دەکرێت؟

ستراتیژیی تورکیا لە سووریا دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بەگشتی لەسەرەوە خراوەتە ڕوو؛ بەرامبەر ئەمە وڵاتێکی گرنگ و کاریگەری وەکوو ئیسرائیلیش لە سووریا زۆر بەبەهێزی دەرکەوتووە، بەتایبەت دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد. ئامانجی سەرەکیی ئیسرائیل لە سووریا کۆتاییهێنانە بە "بەرەی بەرخودان" (بەرەی موقاوەمە) و سەپاندنی واقعێکی ئەمنیی نوێ لە سووریا. لەم چوارچێوەیەدا ئیسرائیل هەر لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەستی بە هێرشێکی فراوان و چڕ کرد بۆ لەناوبردنی ژێرخانی سەربازیی سووریا؛ لە لایەکی دیکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵپشتی لە هەندێک کەمینەکانی ئەم وڵاتە دەکات کە گرنگترینیان "دروزەکان"ن.

کەواتە ئەگەر بەکورتی و پوختی شی بکەینەوە، ئیسرائیل مۆدێلی سووریایەکی لاواز و دابەشکراوی دەوێت؛ بە شێوەیەک نە ئێران و نە تورکیا نابێت تیایدا خاوەن نفووزێکی فراوان و بەرچاو و یەکلاییکەرەوە بن. لەگەڵ ئەوەیشدا پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە تورکیا و ئیسرائیل لەسەر دانوستاندن و دابەشکردنی نفووز ڕێک بکەون. بەپێی ئەم بارودۆخە تورکیا و ئیسرائیل بە سەرپەرشتیی ئەمریکا خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەپارێزن و ناوچەکانی نفووزیان بەپێی هێڵی سوور و سەوزەوە دیاری دەکرێت، بەڵام ئەوەیش بە مانای ئەوە نایەت کە ئەم حاڵەتە تا کۆتایی بەردەوام دەبێت، چونکە بارودۆخی سووریا بۆ هەر ئەگەرێکی نوێ و لەناکاو، لەبارە و چاوەڕوانی هەموو جۆرە پێشهاتێکی لێ دەکرێت.

بۆیە پێش ئەوەی هەر سیناریۆیەک بخرێتە ڕوو، پێویستە ئەم خاڵە جەوهەری و بنەڕەتییە لەبەرچاو بگیرێت کە ئیسرائیل دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و نەهێشتنی نفووزی ئێران تیایدا، سووریا پێشکەشی تورکیا ناکات، چونکە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی لەسەرووی هەموو ئەو هێز و لایەن و گرووپانەوە دێت.

## کۆبەند

تورکیا دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد هەموو هەوڵەکانی خۆی چڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو هاوکێشە نوێیەی کە لە سووریا هاتۆتە ئارا سوودی لێ ببینێت. لەم بارەیەوە ستراتیژیی ئەنقەرە لەسەر دوو بابەتی بنەڕەتی چڕ کراوەتەوە: یەکەمیان لایەن و ڕەهەندی ئەمنیی سووریایە و نەهێشتنی ئەو مەترسییە ئەمنییانەی کە لە سووریا سەرچاوە دەگرێت؛ لە لایەکی دیکە تورکیا خۆی بۆ بەشداریکردن لە دووبارە بونیادنانەوەی سووریا ئامادە کردووە و بۆ ئەمەیش هەنگاوی جددیی ناوە. لە مانگی مایسی ساڵی ٢٠٢٥، کۆمپانیا ئەمریکی و تورکی و قەتەرییەکان بەهاوبەشی گرێبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژییان لە کەرتی وزە لە سووریا بە بەهای حەوت ملیار دۆلاری ئەمریکی لەگەڵ حکوومەتی سووریا واژۆ کرد. هەروەها ئەنقەرە کار بۆ وەبەرهێنان دەکات لە کەرتی نەوتی سووریا. لەسەر ئەم بنەمایە کۆمپانیایەکی هاوبەش لەنێوان تورکیا و سووریا پێک هێنراوە بە مەبەستی گەڕان بەدوای نەوت لە سووریا.

ئەم پێشهاتانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەنقەرە سووریایەکی سەقامگیری دەوێت، بە مەرجێک ئەو دەسەڵاتەی کە ئێستا هەیە بەردەوام بێت؛ واتا تورکیا لەدوای ئەم قۆناغە دەیەوێت بگاتە ئامانجەکانی و بەرژەوەندییەکانی لە سووریا بەدەست بهێنێت، هەروەها دوای ماوەیەکی دوورودرێژ لە ناسەقامگیری و کێشە و گرفتی جۆراوجۆر لەگەڵ سووریا، ئێستا دەیەوێ لەژێر دروشمی "**یەک سوپا، یەک دەوڵەت و یەک سووریا**" ئامانجەکانی بپێکێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت تورکیا بە شێوەیەکی ڕەها لە سووریای نوێدا دەستکراوە نەبێت، بەڵکوو ڕووبەڕووی کۆتوبەندی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداوی وەکوو عەرەبستانی سعوودیا و ئیمارات ببێتەوە.

بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ململانێیەکی سەخت لە سووریا چاوەڕێی ئەنقەرە بکات و خۆی لەژێر گوشاری شەڕی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە هەرێمییەکان و نێودەوڵەتییەکان ببینێتەوە.